# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦٥) - دوو شەممە ٢٠١١/١١/٢١ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٣٠ی (گەلاریزان)ی٢٧١١ی کوردی- ٢٥ی (ذي الحجة)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە




**دەربارەی دەست بەسەردا گرتنی (٥٠٠٠)**

## کەفالەتکراوی رابیتە لەلایەن دەزگای بارزانیەوە

**د.عەلی قەرەداغی: لە کاتێکدا ئەم کارە ناعادیلانەیە ئیدانە دەکەین کە بەرامبەرمان کراوە، بۆ هەموو لایەکیش دوپاتی دەکەینەوە کە ئێمە بەردەوام دەبین لە کارە خێرخوازییەکانمان و هیچ هەوڵێکی نەزۆکی لەم جۆرانە رێگەمان لێ ناگرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتەکانمان بە گەلی کوردستان.** بۆ ل٢

4 هەر دوو حیزبە ئیسلامییەکە جەخت لە سەر جێبەجێ کردنی پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکەن

7 کۆنگرەی شەشەم وێستگەیەک بۆ «جێگیرکردنی کاری دامەزراوەیی و شورای ڕاستەقینە»

7 چیرۆکی وەرنەگیرانی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان

**ئاماری قوتابیانی وەنەگیراوی ویژەیی**

| ژمارەی قوتابی | ژمارەی وەنەگیراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **پارێزگای هەولێر** | | |
| 6536 | 1543 | %23.6 |
| **پارێزگای سلێمانی** | | |
| 7191 | 768 | %10.6 |
| **پارێزگای دهۆک** | | |
| 4451 | 1266 | %28.4 |

15 کۆنفرانسی دیالۆگی نێوان دادوەران و ڕۆژنامەنوسان بەڕێوە چوو

**لە کۆی نزیکەی ٨٠٠ کەسایەتی ٣٠یان دەستنیشان کران**

# مامۆستا سەلاحەدین بە ئەندامی ئەنجومەنی شورای ناوەندی رابوونی ئیسلامی جیهانی هەڵدەبژێردرێ

**مامۆستا سەلاحەدین هەڵدەبژێردرێ بە ئەندامی ئەنجومەنی شورای ناوەندی رابوونی ئیسلامی جیهانی و بەشداری لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی ناوبراو کرد کە دوێنێ و پێرێ (١٩-١١/٢٠) لە تارانی پایتەختی ئێران بەرێوە چوو..**

یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی شورای ناوەندی کۆڕبەندی رابوونی ئیسلامی لە تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرێوەچوو، بە بەشداری نزیکەی ( ٣٠) کەسایەتی و بیرمەندی جیهانی ئیسلامی هەڵبژاردە لە بەشداربووانی یەکەم کۆنگرەی جیهانی رابوونی ئیسلامی، کە نزیکەی (٨٠٠) کەسایەتی بوون، ئەم کۆبونەوەیە وەک یەکێک لە ئەنجامەکانی کۆنگرە جیهانیەکەی رابوونی ئیسلامی دێت، بڕیاریش درا بە (ئەمینداریەتێکی بەردەوام لە تارانی پایتەخت. دەست نیشان کردنی ئەنجومەنێکی شورای ناوەندی، دانیشتنی یەکەم بۆ ئەنجومەنی شورای ناوەندی بکرێت).

شایانی باسە ئەم دانیشتنانە دوو رۆژی خایاند و بابەتەکانی رابوونی ئیسلامی و گۆڕانکاریەکانی جیهانی ئیسلامی لە خۆگرت، بڕیاریشە دوو لیژنەی کار دروست بکرێت بۆ دارشتن و تاوتوێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆ و هەیکەلی ئەمینداریەت و کاروبارەکانی پەیوەست بە رابوونی ئیسلامی.



لە نمونەی بەشداربوەکانیش: مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ، ئایەتوڵلا تەسخیری ئەمینداری گشتی کۆربەندی جیهانی نزیکی مەزهەبە ئیسلامیەکان، دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی پێشوی عێراق، قازی حسێن رابەری جەماعەتی ئیسلامی پاکستان، رەمەزان عەبدوڵلا سەرۆکی جەماعەتی جیهانی ئیسلامی فەلەستین.

**عومەر عەبدولعەزیز:**

## بۆ هەڵبژاردن ئێمە (٩٠) رۆژمان دیاری کردوەو کۆمسیۆنیش قسە لەسەر شەش مانگ دەکات

یەکگرتوو

(عومەر عەبدولعەزیز ـ سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لەپەرلەمانی کوردستان) سەبارەت بەپەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و دەست نیشان کردنی وادەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو وتی:» یاسا دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم واژوی بکات و لە وەقایعی کوردستان دا بلاو بکرێتەوە ئەو کاتە دەڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە، و ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم تا (١٥) رۆژ واژوی لەسەر نەکرد ئەو کاتە ئەو یاسایە بەپەسەندکراو دەژمێردرێت و پێویستی بەواژو لەسەر کردنی سەرۆکی هەرێم نیە«. زیاتر وتیشی:» دیاری کردنی وادەی هەڵبژاردنەکان بەهەماهەنگی دەبێت لەنێوان حکومەت و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و پێویستی بەپەرلەمان نیە، چونکە کارێکی جێبەجێکردنە«.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو هەروەها وتی:» ئەو کۆمسیۆنەی کە باسکراوە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقە و تا (٢٢/ ٤/ ٢٠١٢) وادەی ماوە، لەبەرئەوە تائێستا لە هەرێمی کوردستان کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دروست نەبووە.

هەروەها وتی: بەبۆچوونی من ئەم هەڵبژاردنە بەو ئاسانیە ریک ناکەوێت، چونکە ئێمە لەیاساکە (٩٠) رۆژمان دیاری کردوە بۆ ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەسازی خۆی بکات، بەڵام ئەوان قسە لەسەر شەش مانگ دەکەن، ئەگەر ئەو ماوەیە دیاری کەین ئەوکات وادەی کۆمسیۆن بەسەردەچێت، چونکە کۆمسیۆن لەو وادە کەمتری ماوە تەنها بەشێوەی درێژکردنەوەی وادەی کۆمسیۆن بۆ چەند مانگێکی تر».

**بەیان نوری:**

## بە هەڵبژاردن لە نێوان ئەو کەسانەی فۆرمیان پڕکردۆتەوە کاندیدەکان دیاری دەکەین

یەکگرتوو- ئیبراهیم موراد

خۆئامادەکردنی هەرلایەنێک بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەستی پێکردوە، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوویش دەڵێت، لە هەنگاوی یەکەمدا میکانیزمممان داناوە بۆ شێوەی دەست نیشانکردنی پاڵێوراوەکان بۆ ئەوەی کاندید بکرێن بۆ هەڵبژاردن.

(بەیان نوری ـ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی کاروباری هەلبژاردن لەیەکگرتووی ئیسلامی کوردسان) بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو وتی:»ئێمە سەرەتا فۆرممان دابەشکردووە و بەپێی ئەو فۆرمانە دەتوانین هەڵبژاردن بۆ ئەو کەسانەی کە فۆرمیان ناردوە بکەین و کەسەکە دیاری دەکەین بۆ کێبڕێکی هەڵبژاردنەکان».

سەبارەت بە پێکهێنانی لیستی هاوبەشیش ناوبراو وتی: «پێکهێنانی لیستی هاوبەش پەیوەندی بە مەکتەبی سیاسیەوە هەیە و تا ئێستا نەگەشتوینەتە هیچ بڕیارێک بۆ ئەگەرەکانی چۆنیەتی بەشداری کردنی هەڵبژاردنەکان، ماوەش زۆر لە بەردەستمانە و هەموو ئەگەرەکان تاوتوێ دەکەین و مەکتەبی سیاسی بڕیاری خۆی دەدات».

**پەرلەمانتارێکی کوردستان:**

## سیستەمی هەرێمی کوردستان بەرەوە پادشایی دەڕوات

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێ سیستەمی هەرێمی کوردستان بەرەوە پادشایی دەڕوات، بۆیە هیچ یاسایەک نیە بۆ کاراکردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی نەهاتوونەتە پەرلەمان بۆ پەسەند کردنیان.

(بورهان رەشید ـ ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان) لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو رایگەیاند لە بەغدا نەک هەر سەفیر و نوێنەری دیبلۆماسیەکان پێویستە بێنە پەرلەمان بۆ وەرگرتنی متمانە، بەڵکو فەرماندە سەربازییەکانیش دەچنە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەنگی لە سەر دەدرێت، بۆیە تاکو ئێستا هیچ یاسایەکم نەبینیوە کە تایبەتی بێ بە ئیش و کاری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی و نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، ئەمە کەلێنێکی یاسای گەورەیە.

بورهان رەشید ئەوەشی خستە روو کە دەست نیشان کردنی نوێنەرەکانو سیستەمی کارکردنو دامەزراندنی فەرمانبەرانی نوسینگەو نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە بە گوێرەی یاسا رێک نەخراوە. ناوبراو گوتی: «سیستەمی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان نەک بەرەو سیستەمی سەرۆکایەتی دەڕوات، بەڵکو بەرەو سیستەمی پادشایی دەڕوات، بە گوێرەی ئەم سیستەمە حیزبیە باڵا دەستە وای کردوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٥) هەموو ئەو یاسایانەی دەردەچن بۆ پتەوکردنی پێگەی سیاسیو سەربازیو ئابوری چەند کەسێکن لە ناو هەر دوو حیزبەکە، لە ناو حیزبەکانیش بۆ چەند کەسێکە و وەکو مەعلومیشە حیزبێک بەلانسی بە سەر حیزبەکەی تر زاڵە، بۆیە یاساو سەلاحیەتییەکان لە دەستی سەرۆکایەتی هەرێمو چەند کەسێک کۆکراوەتەوە.





ڕیکلام

## ئاگادارییەک لە کۆمپانیای چاڤی گەشتیارییەوە

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەین کە:

١. پشک فرۆشتن تا بەرواری ٢٠١١/١٢/١٨ بەردەوامە.

٢. هاوڵاتیان دەتوانن لە سەرووی یەک ملیۆن دینارەوە پشک بکڕن. بەڵام هەرچەندە زیاتر بکڕن ئەوەندە قازانجیان زیاتر دەبێت لە داهاتوودا.

٣. لە دوای ئەو بەروارەوە پشک نامێنێت و هەر هاوڵاتیەک بیەوێت پشک بکڕێت. پێویستە لە دەستی دوو بیکڕێتەوە و بە گرانتر.

٤. ئێستا (٨٠٪)ی پرۆژەکە تەواو بووە و هەمووان دەتوانن سەردانی پرۆژەکە بکەن لە سەروی شەقامی مەلیک مەحمود بەرامبەر گەڕەکی نووی مەلیک و بە چاوی خۆیان پرۆژەکە ببینن.

٥. ئەم پرۆژەیە گەورەترین پرۆژەی گەشتیارییە لە هەموو عێراق و رووبەرەکەی (٨٠٠.٠٠٠م٢) یە و هاوڵاتیان بە کڕینی پشک دەبنە خاوەنی پێکهاتە و زەوی پرۆژەکە.

٦. هەر کەسێک کە پشک دەکڕێت لە ئێستادا ئەوا بە بێ بەرامبەر دەبێتە خاوەنی ئەو بەشە زەویەی پرۆژەکە کە دەکڕێت بە ناوی کۆمپانیای چاڤییەوە.

ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای چاڤی:
سلێمانی . بەردەم گوندی ئەڵمانی .
نهۆمی زەمینی چاڤی مۆڵ

0770 157 4880 - 0750 157 4880

ناونیشانی لقەکانی بانقی شیمال بۆ کڕینی پشکەکانی شاری چاڤی:

هەولێر: شەقامی شێخ چۆلی بەرامبەر مزگەوتی شێخ چۆلی

دهۆک: کۆڕەپانی خانی

سلێمانی: بەرامبەر مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە

کەرکوک: بەرامبەر شارەوانی کەرکوک


**ترسی ئەوەی هەیە لە دەسەڵات نەمێنێت**

## یەکێتی ژمارەیەک لە ئەندامانی بە پلەی جیاواز خانەنشین دەکات

**یەکگرتوو/تایبەت**

ماوەیەکە یەکێتی نیشتیمانی لەسنوری کۆیە دەستی کردووە بە گرتنەبەری هەندێ رێ وشوێن بەمەبەستی زیاتر پتەوکردنی پێگەو هەیمەنەی خۆی لەسنورەکە، لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە یەکگرتووی راگەیاند کە:»یەکێتی ئێستا سەرگەرمی خانەنشین کردنی دەیان ئەندام و کادیرە بە پلەو ناونیشانی جۆراوجۆر بە تایبەتی ئەوانەی فەرمانبەری حکومی نین، هەروەک گۆڕینی چەند بەڕێوەبەرێکی فەرمانگەکان بەکەسی حیزبی لە بەرنامەدایە«.سەبارەت بە هۆکاری گرتنەبەری ئەو جۆرە هەنگاوە ئەو سەرچاوەیە زیاتر وتی:»یەکێتی لە ئێستادا مەترسی ئەوەی هەیە کە لە ئایندەدا ئەو پێگەو دەسەلاتەی ئێستای نەمینێت، بۆیە وەک کردەیەکی پێشوەختە ئەم هەنگاوانە دەنێت». لەلایەکی ترەوە هەر لە درێژەی ئەو رێ وشوێنانەدا بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە هەڵساوە بە لادانی بەرێوەبەری ئامادەیی (خرابە) ی تێکەڵاو، مامۆستا(ئاراس حەسەن) بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لە لێدوانێکدا پێی راگەیاندین:»کە کۆمیتەی یەکێتی لەو ناوچەیە نایەوێت من بەڕێوبەربم، چونکە حیزبی نیم و کاری حیزبی بۆ دەسەڵات ناکەم، بەتایبەت دەسەڵات دەیەوێت لەکاتی هەڵبژاردنەکان دا بە شێوەی نایاسایی لەو بنکەیەدا هاوکارییان بکەم وکاری ساختەیان بۆ ئەنجام بدەم». ئەمەو چەندین حاڵەتی تری لەم شێوازە لە شارۆچکەی (تەق تەق) یش بەدی دەکرێت، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری لادراوی ئامادەیی (تەق تەق) ی تێکەڵاو مامۆستا(ئاراس عومەر فەتحوڵلا) بۆ رۆژنامەکەمان وتی:»منیان لەکارەکەم لاداوە بە هۆکاری جیاوازی ئینتیمای سیاسی و کێشەی یاساییان بۆ دروست کردووم و بەم بیانووە لادراوم». شایانی ئاماژەیە تەنانەت یاریدەدەری قوتابخانەیەکی سەرەتایش ئەگەر بە تەزکیەو موبارەکەی مەڵبەندو کۆمیتەکان نەبێت دانامەزرێت.